# ڕێباز حەملان لەبارەی دەستلەکارکێشانەوەی لە پۆستی بریکاری وەزارەتی دارایی عێراق پەیامێکی بڵاوکردەوە



ڕێباز حەملان لە پەیامێکدا ڕایگەیاند، دوای دەستبەکاربونی وەك بریکاری وەزیری دارایی لەسەر ماف و شایستە داراییەکانی هەرێم، دیدارو کۆبونەوەی لەگەڵ بەشێکی زۆر لە بەرپرسانی بەغدا کردوە، "ڕاستییەکانم باس کرد کە حکومەتی هەرێم پابەند بوە بەو داواکاریانەی لێی کراوە و هەموی جێبەجێ کردوە، بەڵام وەزیری دارایی نیگەران بوە و بەیاننامەی لەسەر دەرکردوە"، دەشڵێت، "لە ئەنجومەنی وەزیران لەبەردەم هەمو ئامادەبوان کە 24 بەڕێوەبەری گشتی ئامادەبون دەمەقاڵەی و گرژیی دروستبو، بە سەرسەختانە مرافەعەم لەسەر مافەکانی هەرێمی کوردستان کرد".

ڕێباز حەملان ئەمڕۆ دوشەممە لە پەیامێکدا لەبارەی دەستلەکارکێشانەوەی لە پۆستی بریکاری وەزارەتی دارایی عێراق، ڕایگەیاند، "لە ژیانی سیاسی خۆمدا بۆ جاری دوەم لەسەر مافی میللەتەکەم بڕیاری چارەنوسسازم داوە، لە بەغدا کەرامەت و مەبدەئی کوردایەتی و کوردستانی بونم خستە پێش بەرژەوەندی شەخصی خۆم، بەکردەیی نوێنەرایەتی کورد و هەرێمم کرد، بۆ باوەڕێکی کوردانە". ئاماژەی بەوەشکردوە، "بەتایبەت کە متمانەی مەسعود بارزانی وەردەگریت دەبێت وەک هەڵۆ بەرامبەر نەیاران بوەستیت، لەبەردەم دەستکەوتی ماددی و بەرژەوەندی تایبەت نابێت چۆک دابدەیت، لە ساڵی 2017

لەسەر پشتیوانی و پشتگیری ریفراندۆم هەڵوەستم وەرگرت، پاشان لەسەر بەرگری لە حکومەتی هەرێم کە ڕێگەم نەدا ئەنجومەنی وەزیران نیصابی قانونی لەدەست بدات، بڕیارمدا وەک وەزیری دارایی و ئابوری لەناو حکومەت بەردەوام بم لەسەر خزمەتکردنی گەلەکەم باجی ئەو هەڵوەستەم هەرچی بێت دام".

ڕێباز حەملان باسی لەوەشکردووە، "لەگەڵ دەستبەکاربونم وەک بریکاری وەزارەتی دارایی عێراق، لەسەر ماف و شایستە داراییەکانی هەرێم، دیدارو کۆبونەوەم لەگەڵ بەشێکی زۆر لە بەرپرسانی بەغدا کرد لە ئاستی زۆر باڵا، دواتر لە راگەیاندن چەندین دیدارم ئەنجامدا و بەرگریم کرد لە مافەکانی هەرێم، راستییەکانم باس کرد کە حکومەتی هەرێم پابەند بوە بەو داواکاریانەی لێی کراوە و هەموی جێبەجێ کردوە، ئەو هەوڵانەم نیگەرانی وەزیری دارایی عێراقی لێکەوتەوە و بەیاننامەی لەسەر دەرکردم، بۆ یەکەمجارە لە سایتی وەزارەتێک لە عێراق بەیاننامە لە دژی بەرپرسێکی باڵا بڵاوبکرێتەوە".

ئەوەشی خستەڕوو، "لەبەغدا پێشمەرگە ئاسا بەرگریم لەقوت و مافی خەڵکی هەرێمکرد و خەریکی بەرژەوەندی شەخسی خۆم نەبوم، دواتر لە کۆبونەوەی فەرمی ئەنجومەنی وەزارەت کەشەکە زیاتر گەورەکرا و لەگەڵ خودی وەزیر لەبەردەم هەمو ئامادەبوان کە 24 بەڕێوەبەری گشتی ئامادەبون دەمەقاڵەی و گرژیی دروستبو، بەو شانازییەوە سەرسەختانە مرافەعەم لەسەر مافەکانی هەرێمی کوردستان کرد".

ڕێباز حەملان دەشڵێت، "لەم ساڵەی 2025دا، لەسەر داواکردن بۆ سەرپەرشتی کردنی مەلەفی بودجە و موچەی هەرێم، لەسەر پێداگیری لە شایستە داراییەکانی هەرێم، هەروەها لەسەر مامەڵەی نادروستی وەزارەتی دارایی عێراق لەسەر پرسی موچە و بودجەی هەرێم، کە زۆر مامەڵەیەکی سیاسیانەیە بۆ ناوی بابەتی تەکنیکی و هونەرییەوە بەردەوام موچەی موچەخۆرانی هەرێم دوا دەخرێت و لەکاتی خۆیدا نایەنێرن".

ڕونیشیکردەوە، "بە رەوام نەبینی من بەرپرسی باڵای وەزارەتێك بم لە بەغداد، موچە لەکاتی خۆی وەربگرم و ئیمتیازاتی زۆرم هەبێت، بەڵام هەمان وەزارەت هۆکاری ناڕەحەتی میللەتەکەم بێت و هەر مانگە و بەجۆرێك مامەڵە لەگەڵ هەرێم بکات، ویژدانی خۆم بەرامبەر خوای گەورەو میللەتەکەم و حیزبەکەم ئاسودەکرد، لە کۆتایی مانگی یەک بەرێزان بەرپرسانی باڵای هەرێم و حیزبم لەم بابەتانە ئاگادارکردەوە، داوامکرد کە من دەست لە کاربکێشمەوە و چیتر مامەڵەی نادروست مایەی قبوڵکردن نییە، بۆیە دەستم لە پۆستەکەم کێشایەوە".